# بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

پێڕستی بابەتەکانی ژمارە ( سفر ) :



| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | زانست هۆکارێك بۆ بەختەوەری دونیا و دوارۆژی ئومەتان | سەرنووسەر |
| ٣ | کاریگەری ووشەی (الله) لەسەر دەروونی مرۆڤـــــــ | کاروان حمە باقی |
| ٤ | زانکۆ ... چەند ڕۆژێکە ... چۆن بەڕێی کەین ؟! | عدنان بارام |
| ٥ | ئەوان کۆمەڵە لاوێك بوون | بیلال جلال |
| ٦ | گفتوگۆیەك لەگەڵ فێرخوازانی زانکۆ | إدریس محمود |
| ٧ | سەرزەمینی تەوبە ، و سودەکانی ئەم چیرۆکە | هاوار عبدالله |
| ٩ | گرنگی بانگەشەکردن بۆ دەستگرتن بە قورئانی پیرۆز | دارا جبار |
| ١٠ | بۆچی دەژیت و چاوەڕێی بگەی بەکام جێگا ؟ | نیان |
| ١٠ | ئیعجازی فەرموودەیەك | هێمن |
| ١١ | لە ژیانی هاوەڵانەوە : فریشتەکان بەباڵەکانیان دایدەپۆشن | پشتیوان محمد |
| ١٢ | ئاسانکاری و لێبوردەیی لە ئیسلامدا | فلاح حسن |
| ١٤ | خوشکەکەم بالاپۆشینت پارێزەرتە لە دونیا و دوارۆژدا | حیدر |
| 16 | Oh, jews "What made you do that?!" | رزگار محمد |



**تێبینی** : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بلاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بلاوکراوەکە بێت ، ئەوانەش :

**١** . بابەتی دووبارە نەبێت ... **٢** . ئەگەر وەرگیراو ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... **٣** . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... **٤** . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... **٥** . تایپکراویش بێت .

---

**Zanest119@gmail.com**

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : **www.ba8.org** بکە .

سەرنووسەر : عدنان بارام

دەستەی نووسەران : علی محمد ... هاوار عبدالله ... رزگار محمد ... فلاح حسن

بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بلاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

## زانست هۆكارێك بۆ بەختەوەری دونیا و دوارۆژی ئومەتان

هەزار و چوارسەد ساڵ لەوەو پێش ، و لە بیابانی سەختی نیمچە دورگەی عەرەبی ، و بۆ كەسێكی نەخوێندەوار ، و لە گەلێكی زۆرینە نەخوێندەوار ، نوری هیدایەتی خواوەندی بە مرۆڤایەتی خەلاتكرا : خەلاتەكەش باشترین هۆكاری هیدایەت و خۆشبەختی و بەختەوەری ، و پەیڕەوی ژیان بوو ، بە هۆی سروشەوە لە ئەشكەوتی ( حِراء ) دا ، یەكەم بنەوای ئەو خەلاتە دامەزرێنرا بە : ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴾ ( العلق : ١ ) ، واتە: بخوێنە بە ناوی ئەو پەروەردگارەی كە دروستكاری دروستكراوەكانە ، ئەم ئایەتە یەكەمین بنەوای ئەو پەیڕەوە گەورەیەی ژیان بۆ ، ئەوەش ئاماژەبوو بۆ گرنگی زانست كە خوێندنەوە هۆكاری بەدەستهێنانیەتی ... بەمەش نەوەستا بەڵكو بۆ زیاتر چەسپاندنی گرنگی زانست دەفەرموێت : ﴿ ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ﴾ ( القلم : ١ ) ، واتە سوێند بێت بە پێنووس ... كە هۆكاری تۆماركردنی زانستە ، پاشتریش ڕایگەیاند كە خاوەن زانست و زانایان لە هەموو كەس زیاتر لە خواترسن كاتێك ئەفەرموێت : ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ ﴾ ( فاطر : ٢٨ ) ، وە ئەوەشی ڕاگەیاند كە لە تەرازووی ئەم پەیڕەوەدا نابێت خاوەن زانست و زانایان یەكسان بكرێن بە كەسانی تر كە فەرموویەتی : ﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ ( الزمر : ٩ ) وە بۆ زیاتر ڕێزلێگرتنی خاوەن زانست و زانایان فەرموویەتی : ﴿ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ﴾ ( المجادلة : ١١ ) ، وە شایەتیانی لە گەڵ شایەتی خۆی و فریشتە بەڕێزەكاندا داناوە : ﴿ شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾ ( آل عمران : ١٨ ) .

هەموو ئەمانەش بنەوایەك لە بیروباوەڕی بڕواداران دەچەسپێنێت كە ئەویش : گرنگی زانست و بەرزی پلە و پایەی زانست و هەڵبژاردەرانی ڕێگای زانست ، كە وەكو مۆمن ڕێگەی خۆشبەختی و سەرفرازی و بەختەوەری دونیا و دوارۆژی تاك و ئومەتان ڕووناك دەكاتەوە .

**سەرنووسەر**

**یەكێك لە دانایان فەرموویەتی :**

**زانست هاودەمی تەنهایی ، و هاوڵی غوربەت ، و ڕێنیشاندەری جوانكاریە لە كاتی ناهەمواریدا ، و تێشووی دوارۆژیشە .**

**کاریگەری ووشەی ( اللّٰه ) لەسەر دەروونی مرۆڤـــــ**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، أما بعد : یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە پێویستە مرۆڤ تێدا بوەستێت و بیری لێبکاتەوە نیشانە و بەڵگە و موعجیزاتی خوای پەروەردگارە ، کە لە خودی مرۆڤ و زەوی و ئاسمانەکان و شتی تر بەدی دەکرێن ، تەنانەت ناوی زاتی ( اللّٰه ) یش بێ موعجزە نیە ئەوەتا زانای هۆلەندی ( ڤان دیر هۆڤین ) سەلماندوویەتی کە خوێندنەوەی قورئان بەتایبەتی پیتی ( الهاء ) لە ووشەی ( اللّٰه ) چارەسەرکاری گرانترین نەخۆشیە دەرونیەکانە و ئارامی دەبەخشی بە مێشك . هەروەها ڕوونی کردەوە کە ووشەی ( اللّٰه ) بە پێنج پیتەکەیەوە کاریگەریەکی سەرسووڕهێنەری هەیە ، و زۆریش گەورەترە لە توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ بەچەند پلەیەك ، لەکاتی ووتنی پیتی ( الألف ) کە بەرامبەر پیتی ( A ) ی هۆلەندیە کە لەسەرووی سنگەوە دەردەچێت ، کە سەرەتای گێڕانەوەی باری ئاسایی هەناسەدانە ، دوای ئەویش پیتی ( اللام ) دێت دەبێتە هۆی هێمن بوونەوە و بێ دەنگی بۆ ماوەی چرکەیەك ، ئەمەش بۆ ووتنی بەهێزترین پیت کە ( الهاء ) ی عەرەبیە ، کە زۆر لە پیتی ( H ) هۆلەندی دەچێت و لێدانی دڵ ڕێك دەخات ، دوا ووتەی پرۆفیسۆر ئەوەیە کە ئەو کەسەی تووشی نەخۆشی دەروونی و مێشك و نەخۆشی تر دەبێت بە ووتنی ووشەی ( اللّٰه ) لە نێوان ( ١٠٠ ــــ ١٠٠٠ ) ئارام دەبێتەوە و چاك دەبێت ، ئەم لێکۆڵینەوە چەند ساڵێکی خایاندووە .

پاکی و بێگەردی و گەورەیی بۆ ( اللّٰه ) ، ئەمە نابێت بە نامۆ بزانرێت لەلای موسڵمانان چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴾ ( الرعد : ٢٨ ) ، واتە : بڕواداران ئەوانەی کە بە یاد و زیکری خوا دڵەکانیان ئارام دەبێت ، بە دڵنیاییەوە دڵەکان بە یاد و زیکری خوا ئارام دەبن . جا موسوڵمانی خواناس ئەگەر دیقەت بدەی لە ووتەکانی ڕۆژانەت دەبینیت ئایینەکەت وای فێرکردووی کە ئەم ووشەیە زۆر دوبارە بکەیتەوە ، بۆ نموونە ئایا لەکاتی بینینی دیمەنێکی جوان چی دەڵێیت ؟ بێ گومان ( اللّٰه ) یان ( ما شاء الله ) ، وە ئاشکراشە زۆربەی زیکرەکان یان هەموویان وشەی ( اللّٰه ) یان تێدایە کەواتە ناوی جوانی ( اللّٰه ) مرۆڤ بەختەوەر دەکات ، دەی دڵ و دەروونی خۆت شادومان و زیندوو بکەرەوە بە زیکری خوا بۆ ئەوەی هەمیشە بە زیندویی بمێنێتەوە و نەمرێت هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " مثل الذي يذكر ربه والذي لاذكر ربه كمثل الحي و الميت " ( متفق عليه ) .

**کاروان حمە باقی : پەروەردەی عەرەبی / ز . سلیمانی .**

**حەکیمێك دەڵێت :**

ڕاستگۆیی ئـــارامی دڵانـە .... درۆ کــاری نـاپاکانە .... شـەرم سـیفەتی موسڵمــانە .... زانست بەڵگەی عـــارفانە .... بێدەنگیش هی حــەکیمانە .

## زانكۆ ... چەند ڕۆژێكە ... چۆن بەڕێی كەین ؟!

## كۆسپەكانی سەر ڕێگا ( بەشی یەكەم )

ڕێگای بەرەو خوا چوون و بۆ خوا سوڵحان هەروەكو ڕێگاكانی دونیایە ، خالّی تاریك و هەڵدێری ترسناك و گێژەڵۆكەی دژوار وكوێرە ڕێی سەختی تێدایە ، هەروەكو لەم لاو لەو لاشیاندا باخچەی جوان و ڕازاوە دەبینیت ، ئەوەش لەم ڕاستیە بێ ئاگا بێت و و دید و بەر چاوڕۆشنی و جوان ڕێنمووی نەكەن ئەوا وێڵ دەبێت ، یان ماندوو دەبێت و ناگات بە ئامانج ... جا برای فێرخوازم : ئەوە بزانە كە شارەزا بوون بە كۆسپەكانی سەر ڕێگا زۆر گرنگە بۆ ڕێبوارانی بۆ گەشتن بە ئامانج .

پێشەوا ( ابن القيم ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( ولا يتم المقصود إلا بالهداية إلى الطريق ، والهدايا فيها ، وأوقات السير من غيره ، وزاد المسير، وآفات الطريق )) .

دەبینین ڕزگار بوون و سەركەوتن بە سەر كۆسپەكانی سەر ڕێگای بە بەشێك لە ڕێنموكاری لە ناو خودی ڕێگاكەدا زانیوە ، جا بەئاگا بە و لە گەڵما بە بۆ ئەوەی لە گەڵ یەكدا بە ترسناكترین كۆسپەكانی سەر ڕێگا ئاشكرا بین ... جا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەڵێم :

**كۆسپی یەكەم : ترسان لە تەنهایی :**

برای فێرخوازم بزانە كە یەكێك لە یاسا و ڕێساكانی خوای پەروەردگار لە گەردووندا ئەوەیە كە ڕێبوارانی ڕێگای ڕاست ـ لە هەموو سات و سەردەمێكدا ـ كەمن ... هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ﴾ ( ص : ٢٤ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ ﴾ ( سبأ : ١٣ ) ، وە بە پێچەوانەشەوە لە بەرامبەردا ڕێبورانی ڕێگای گومڕایی ـ لە هەموو سات و سەردەمێكدا ـ زۆرن ، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : ﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ ﴾ ( الأنعام : ١١٦ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴾ ( يوسف : ١٠٣ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٧٠ ) .

بۆیە ئەگەر ئەمەت بۆ ئاشكرا بوو ئامان نەكەی بترسی لە تەنهایی و كەمی ڕێبوارانی سەر ڕێگای ڕاست لە گەڵتا ، وە نەكەی فریویش بخۆیت بە زۆری كەسانی چەواشەبوو و لاڕێیان ، هەروەكو هەندێك لە پێشین فەرموویانە : (( عليك بطريق الهدى ولا يضرنك قلة السالكين ، وإياك وطرق الضلالة ولا يغرنك كثرة الهالكين )) .

بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا پەنجەی پەشیمانی نەگەستی و بڵێی : ﴿ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ ﴾ ( المدثر : ٤٥ ) .

**كۆسپی دووەم : زۆری گوفتار و تێكەڵبوونی بێ سوود :**

یەكێكە لە ترسناكترین كۆسپەكانی سەر ڕێگا ... زۆری گوفتار و تێكەڵبوونی بێ پێویستی و بێ سوود ، بە شێوەیەك دەمەتەقێت بۆ خەڵك و تێكەڵبوونت لە گەڵیان ببێتە حەز و لە مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی لابدات ، بۆیە دەبینین ووتراوە : ئەگەر خۆتت وا بینیەوە كە دڵخۆش دەبیت بە تێكەڵبوونت لە گەڵ دەوروبەردا پێویست بێت یان پێویست نەبێت ، وبێزار ودڵ تەنگ دەبیت لە تێكەڵ نەبوون ، ئەوا بزانە تۆ بۆ ئەوە ناشێیت كە بۆ خوا بسوڵحێت ، یەكێكیش لە نیشانەكانی ئیفلاس بوون ئەوەیە كە دڵخۆش ببیت بە هاودەمیت لە گەڵ خەڵكدا ، ئەگەر پێویستیشت پێ نەبێت !!!

وە بشزانە كە یەكێك لە سوودەكانی دووركەوتنەوە لە تێكەڵبوونی بێ سوود ئەوەیە كە تۆ خۆ ڕازاندنەوەت بۆ خەڵك نابێت ـ كە ئەمە یەكێكە لە سووكترین خراپەكانی تێكەڵاوبوون ـ هەندێك لە زانایانی فەرموودە فەرموویانە : (( لأن ألقى الشيطان أحب إلي من أن ألقى حذيفة المرعشي ، أخشى أن أتزين له فأسقط من عين الله )) .

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە لە كاتی پێویستدا موسڵمان خۆی لە دەور و بەر دابڕێت ، و تێكەڵی خەڵك نەبێت ، بەڵكو بۆ گەیاندنی ڕەوایی و ئامۆژگاری كردنی موسڵمانان پێویستە ئامۆژگاری كارێكی نزیك بێت لە دەوروبەر بەمەرجی ڕەچاوكردنی شەریعەت لەو كارەیدا و دووركەوتنەوە لە كەوتنە ناشەرعیەوە ... هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " المؤمن الذي يخالط الناس ويصبر على أذاهم خير من الذي لا يخالط الناس ولا يصبر على أذاهم " ( السلسلة الصحيحة للألباني ، برقم : ٩٣٩ ) .

**عدنان بارام : پەروەردەی عەربی/ ز . صلاح الدين .**

## ئەوان کۆمەڵە لاوێك بوون

سوپاسی بێ کۆتا بۆ خواوەندی بێ هاوتا ، درود و سلاْواتی زۆر بۆ پێغەمبەری دادپەروەر ، وە لەسەر ئەهل و بەیت و شوێنکەوتوانی دین پەروەر . خودایە خۆ ئێمە تەنهاو تەنها تۆمان هەیە دەسا خوایە لەم تاریکستانەی ژیانەدا نوری خۆتمان پێببەخشە ... وە پاشان :

برا و خوشکی لاوی بەئەمەك و بەتوانام زۆر جوان ڕوون و ئاشکرایە لامان ، کە خوای گەورە هەرشتێك کە زۆر گرنگ و هەستیار و گەورە و گران بێت یان بوو بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە لە قورئانی پیرۆزدا ، وە یان پێغەمبەری پێشەوا ﷺ لە فەرمووده شیرینەکانی دا ئاماژەی بۆ کردووە ، وە هەر دەغەڵی و خراپە و گەندەڵی و ناشیاوییەك هەبێت یان هەبووبێت زەنگی وریاکەرەوەی لەسەر داناوە و ئاگاداری کردووینەتەوە لێی .

ئەوەتا لە سورەتی کەهف دا باسی ئەو کۆمەڵە لاوە بیرفراوان و هەست بەرز و دڵگەش و بەئاسۆ و بەئیمانانە دەکات ، کە چۆن بە کارتۆکمەیی و جوان ڕوانی یەوە کارەکانی ژیانیان بەڕێدەکرد ... جا تەنها وتەنها ئیمان وئامانج و بیرڕۆشنی و هەوڵدان و ڕێك کاری و جوان بینی و باش جوڵان و چاك وتن و بیرفراوانی گەیاندنیە ئەوەی کە خوای پایە بڵند لە گەورەترین و بەڕێزترین کتێبدا باسیان بکات و بفەرموێت : ﴿ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى ﴾ ( الكهف : ١٣ ) ، بێگومان ئەوان کۆمەڵە لاوێك بوون کە بەڕاستی بڕوایان بە پەروەردگاریان هەبوو . ﴿ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى ﴾ وە منیش زیاتر لەنوری ئیمان و ڕێنمونیم پێبەخشین و لەسەر ڕێگای ڕاست و دروست سەقامگیرم کردن و سەرەنجام بەئامانجم گەیاندن .

ئەوەی جێی ئاماژەبێت بۆ ئێمەی لاوی سەردەمی گرجوگۆڵی و خاوەنی دینی ڕەوا ، ئەوەیە فێری سەقامگیری بین لەسەر ئامانجی گەورە و فیداکاری بۆ شتی باش و بەردەوامی لەکاری خێردا ، ئامانجمان فراوانترکەین لەوەی کە هەیە نەك هەربیر لەو شتە لاوەکییەی ژیان بکەینەوە کە ئەگەر هەر ئەوەندەش گەورەیان نەکەین لە خەیاڵی خۆماندا ژیان بۆمانی ئەسازێنێت ... لەبیرمان بێت هەر بیر و دین و کۆمەڵگا و فکرەیەك دەگریت ... لاوان پێشەنگ ، و بزوێنەری ، و پاڵنەری بوونە ، فیداکار و بەڕێوەبەری بوونە ... جاکەوایە با من و تۆ و ئەوی تر و ئەوانی تریش گرنگی و گەورەیی خۆمان و هاوتەمەنانمان دەرکی پێ بکەین کە هەمووان تەماشای هەوڵدان و سەنگین جوڵانی ئێمەدەکەن ، خۆشمان تەرازوویەك بۆ کارە گرنگەکانی ڕۆژانەمان دابنەین .

**بیلال جلال : پەروەردەی فیزیا / ز . سلێمانی .**

### لە باخچەی ئامۆژگاریەکان

ڕووخۆشیت دڵی خەڵك بەدەست دێنێت ..... نەرم ونیانیت هۆی خۆشویستننە ..... لە خۆبوردەیت بەڕێزت دەکات .

## گفتوگۆیه‌ك له‌گه‌ڵ فێرخوازانی زانكۆ

ئه‌گه‌ر كه‌سێك له فێرخوازانی زانكۆ تێبفكرێت ، سه‌یری چۆنیه‌تی سه‌عیكردن و چۆنیه‌تی به‌سه‌ربردنی كاته‌كانیان بكات ، ئه‌وا بۆی ده‌رده‌كه‌وێت كه به‌ڕاستی زۆرینه‌ی فێرخوازانی زانكۆ ( بێئامانجن ) ، ئامانجێكی ڕوونیان نیه كه سوودی دونیا و دواڕۆژیانی تێدا بێت .

فێرخوازی به‌ڕێز : ئه‌م ژیانه هه‌روا بێهوده و ساده نیه وه‌كو زۆرێك له خه‌ڵكی بۆی ده‌ڕوانن ، ژیانی دونیا هۆ و پێناوێكه بۆ ژیانێكی نه‌بڕاوه ، ژیانێك كه تێیدا مرۆڤه‌كان دابه‌ش ده‌بن ، به‌شێك بۆ به‌هه‌شت و به‌شێكیش بۆ دۆزه‌خ : ﴿ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ ﴾ ( الشورى :٧ ) .

بۆیه برای به‌ڕێزم : تا له ژیاندا ماوی بیرێك له خۆت بكه‌ره‌وه و ئه‌و په‌رده‌یه لابه كه ئاره‌زوو په‌رستان به‌سه‌ر دڵتدا هێناویانه ، وه كاره‌كانت ڕێكبخه و ئامانجت دیاری بكه ، ئامانجێك كه سوودی دواڕۆژی خۆت كۆمه‌ڵگاكه‌تی تێدابێت ، نه‌ك ئامانجێك كه له ژیانی دونیادا بتسوتێنێ و له قیامه‌تیش به هه‌مان شێوه ، با هه‌موو ئامانجت له ژیاندا خۆشه‌ویستی كچێك نه‌بێت كه ئه‌گه‌ر ئه‌و كچه‌ت بۆ نه‌بوو ئیتر بڕوخێیت و به خه‌م و خه‌فه‌ته‌وه ژیان به‌سه‌ربه‌ریت ، چونكه ئه‌و مه‌به‌سته‌ی كه تۆ له پێناویدا دروست كراویت زۆر له‌وه گه‌وره‌تره كه تۆی به‌ڕێز بیری لێده‌كه‌یته‌وه .

بۆیه با به‌س بێت له یادكردن و فه‌رامۆشكردنی ئه‌و مه‌به‌سته‌ی كه له پێناویدا دروست كراوین ، كه ئه‌ویش په‌رستنی خوای گه‌وره‌یه به تاك و ته‌نهایی ، وه‌ك ئه‌فه‌رموویێت : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ ( الذاريات : ٥٦ ) .

دڵنیابه ئه‌و خوایه‌ی كه توانیویه‌تی باوكه ئاده‌م له خۆڵ و نه‌وه‌كانی له دڵۆپه ئاوێك دروست بكات هه‌ر ئه‌و خوایه‌ش ده‌توانێت زیندوومان بكاته‌وه و لێپرسینه‌وه‌مان له گه‌ڵدا بكات .

فێرخوازی به‌ڕێز : له كۆتاییدا هیوام وایه پاش ئه‌و بێ ئاگاییه‌كی زۆره‌ی كه تێیدا ده‌ژیت ئه‌م وشانه به ئاگات بهێنێته‌وه ، وه وات لێبكات ئامانجی ژیانت دیاری بكه‌یت پاش ئه‌وه‌ی له بێ ئامانجیه ده‌رچوو بوو .

**إدريس محمود : كۆلێژی یاسا / ز. سلێمانی .**

**پێشه‌وا ( عمر ) ی كوڕی ( عبدالعزیز ) رضي الله عنه فه‌رموویه‌تی :**

(( هیچ شت كۆكردنه‌وه‌یه‌ك له گه‌ڵ شتێكدا جوانتر نابێت له كۆكردنه‌وه‌ی نه‌رم و نیانی له گه‌ڵ زانستدا ، وه له لێبورده‌یی له كاتی توانا و ده‌سه‌ڵاتدا )) .

## سەرزەمینی تەوبە

( أبو سعيد الخـــدري ) ﷺ بۆمـان دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : " پیاوێـك لـە ئوممـەتانی پـێش ئێـوە هـەبوو (٩٩) کـەس ئـەکوژێت ، و ( بەمەبەسـتی تەوبـەکردن ) دەربـارەی زانـاترین کەسـی سەرزەوی پرسیار ئەکات ؟ لەوەڵامدا ناونیشانی خواپەرست ( راهب ) یکی بۆ هەڵدەدەن ، ئـەویش دێت بـۆ لای و پێی ئەڵێت : من (٩٩) کەسم کوشتوە ، ئایە ئـەتوانم تەوبـە بکـەم ؟ لـێم وەرئـەگیرێ ؟ ئـەویش ئـەڵێ : نـەخێر . هەربۆیە ڕاهبەکەش ئەکوژێ و ژمارەی کوژراوەکانی ئەکاتە (١٠٠) کەس . پاشان پرسـیار ئەکاتـەوە سـەبارەت بـە زاناترین کەسی سەرزەوی ، ئەمجارەیان ناونیشانی پیاوێکی زانای بۆ هەڵئەدەن ، بۆیە لێی ئەپرسێت : ئـەوە (١٠٠) کەسم کوشتوە ئایە ئەتوانم تەوبە بکەم ؟ لێم وەرئەگیرێ ؟ زاناکەش لەوەڵامدا ئەڵێ : بەڵێ ، ئەتوانی تەوبـە بکـەی ، کێ هەیە بتوانێ ببێتە کۆسپ لەنێوان تۆ و تەوبەکردندا ؟ بەڵام بڕۆ بۆ فلانە سەرزەمین ، لەوێـدا کەسـانێك هـەن خەریکی پەرستنی خوای باڵادەستن بەتەنها ، تۆیش بڕۆ لەگەڵیان خوای باڵادەست بپەرستە ، و مەگەڕێرەوە بـۆ ئـەم خاکەی خۆت ، چونکە سەرزەمینێکی خراپە . ئەویش ئەڕوات تـا ئەگاتـە نیـوەی ڕێگـە لـەوێ مـردن یەخـەی پـێ ئەگرێ و ئەمرێت ، فریشتەی ڕەحمەت و فریشتەی سزا ئەبێتە دەمە قاڵەیان لەسـەری ، فریـشتەی ڕەحمـەت ئـەڵێ : کابرا بە تەوبەکاری هاتووە و بەدڵ ڕوی لە خوا کردوە ، فریشتەی سزایش ئـەڵێ : ئـەو هـەرگیز چاکەی نـەکردوە . لێرەدا فریشتەیەك لەشێوەی مرۆڤێکدا دێت بۆ لایان ، ئەوانیش لەم کـارە ئەیکەنـە ناوبژیوان لـە نێـوان خۆیانـدا ، ئەویش ئەڵێ : نێوان هەردوو خاکەکە بپێـون ، بـەلای کامیـان نـزیکتر بـوو ئـەوە بـۆ ئـەوەیان ، ئـەوانیش پێوایـان تەماشایان کرد بەلای ئەو شوێنەدا نزیکترە کە ویستویەتی بۆی بچێت ( واتە : ئەو خاکەی خەڵکەکـەی خواپەرسـت بوون ) بۆیە فریشتەی ڕەحمەت دەیبات " .

## سودەکانی ئەم چیرۆکە

١ ـ نابێت موسوڵمان بێ ئومێد بێت لە سۆز و بـەزەیی و لێبـوردنی پـەروەردگاری ، بـا سـەد کەسیـشی کوشـتبێت ، بەڵکو لەسەریەتی لەپاش ئەنجامدانی تاوان ڕاستەوخۆ تەوبە بکات ، چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ﴾ ( الزمر : ٥٣ ) ، واتە : ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ : ئـەی بەنـدەکانی خـوا ئەی ئەوانەی ستەم و زیادە ڕۆییتان لەخۆتان کردووە لە ڕەحمەت و میهرەبانی خوا بێ ئومێد مەبن .

٢ ـ پەلەکردن لـە تەوبـەکردن و گەڕانـەوە لـەو تاوانانـەی ئـەیکات ، چـونکە کـات و شـوێنی مـردن نادیـارە ، خـوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ﴾ ( لقمـــان : ٣٤ ) ، واتـە : هـیچ کەسێك نازانێـت لـە چ سەرزەمینێك ئەمرێت و کام جێگا ئەبێتە گۆڕ و ئارامگای .

٣ ـ خوای په‌روه‌ردگار له‌هه‌موو تاوانێك خۆش ئه‌بێت جگه له هاوه‌ڵ بڕیاردان ( الشرك ) نه‌بێت هه‌روه‌ك خوای په‌روه‌ردگار ئه‌فه‌رموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ ( النساء : ٤٨ ) ، واته : بێگومان هه‌رگیز خوا له‌و كه‌سانه خۆش نابێت هاوه‌ڵی بۆ بڕیار ئه‌ده‌ن ـ ئه‌گه‌ر به‌و شێوه‌یه بمرن ـ و له خوار شیركه‌وه له‌هه‌ر گوناهێك خۆش ئه‌بێت بۆ هه‌ركه‌سێك خۆی بیه‌وێ .

٤ ـ ده‌رگای ته‌وبه كراوه‌یه تا كاتی مردن ، هه‌روه‌كو پێغه‌مبه‌ری خوا فه‌رموویه‌تی : " إن الله يقبل توبة العبد ما لم يغرغر" ( صحيح الترغيب والترهيب : ٣١٤٣ ) ، واته : خوای په‌روه‌ردگار تۆبه له به‌نده‌ی خۆی وه‌رده‌گرێت ئه‌گه‌ر ڕوحی نه‌گاته قوڕقوڕاگه .

٥ ـ له‌سه‌رمانه له‌كاتی كێشه‌كانمان بگه‌ڕێینه‌وه بۆ لای ئه‌و كه‌سانه‌ی شاره‌زان له ئاین و به‌ڕاستی زانان به قورئان و سوننه‌ته‌كانی پێغه‌مبه‌ر ﷺ ، هه‌روه‌ك خوای په‌روه‌ردگار فه‌رموویه‌تی : ﴿ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ ( النحل : ٤٣ ) ، واته : ئه‌گه‌ر شتێكتان نه‌زانی ئه‌وا پرسیار له زانایان بكه‌ن .

٦ ـ خوا ناسین و په‌رستن به‌س نیه بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ركه‌سێك ویستی لێ بوو فه‌توا بدات ، چونكه خه‌ڵكی توشی تاوان و گومڕایی ئه‌كات و خۆیشی ئه‌فه‌وتێنێ ، وه‌ك ئه‌و پیاوه خواپه‌رست ( راهب ) ه‌ی كه ده‌رگای ته‌وبه‌ی له‌و كه‌سه داخست ، ئه‌وه‌ش ته‌نها له ده‌سه‌ڵاتی په‌روه‌ردگاره ، وه دواتر بووه هۆی ئه‌وه‌ی به‌رامبه‌ر تووشی تاوان بكا و خۆیشی به‌كوشتندا .

٧ ـ زانایی به لافلێدان وبه جلی زانا له‌به‌ر كردن نیه ، به‌ڵكو زانا ئه‌و كه‌سه‌یه كه خه‌ڵكی ڕێنمووی ئه‌كات بۆ سه‌ر ڕێگای ته‌وبه كردن وله بێ ئومێدی ڕزگاریان ئه‌كات ، هه‌روه‌كو پزیشك وایه بۆ نه‌خۆش وده‌ستی ئه‌گرێ به‌ره و چاك بوونه‌وه ، بۆیه زانا به زانسته‌كه‌ی ئه‌ناسرێته‌وه نه‌ك به ڕوكه‌ش وجل وبه‌رگی .

٨ ـ كه‌سی تاوانبار ئه‌گه‌ر ویستی به‌ڕاستی ته‌وبه بكات ونه‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر تاوان له‌سه‌ریه‌تی دوور بكه‌وێته‌وه له‌و كه‌سانه‌ی ڕێخۆشكارن بۆ تاوان كردن .

٩ ـ گۆڕینی شوێنی تاوان و خراپه‌كاری به‌و به‌شوێنانه‌ی هۆكار و یارمه‌تی ده‌رن بۆ ته‌وبه‌كردن .

١٠ ـ ته‌وبه‌كار له‌سه‌ریه‌تی له پاش ته‌وبه كردن كۆمه‌ڵێك خه‌ڵكی چاك هه‌ڵبژێرێ بۆ هاوڕێیه‌تی كردنیان كه هاوكار و یارمه‌تی ده‌ری بن بۆ ئه‌نجام دانی چاكه و نه‌گه‌ڕانه‌وه بۆ سه‌ر تاوان .

١١ ـ هه‌وڵ دان و كۆشش كردن بۆ ته‌وبه‌كردن و نه‌گه‌ڕانه‌وه بۆ سه‌ری با ڕێگای ته‌وبه‌كردنیش دوور بێت .

١٢ ـ كه‌س ناتوانێت ده‌رگای ته‌وبه له تۆبه‌كاران دابخات .

١٣ ـ بۆ چاره‌سه‌ركردنی دوبه‌ره‌كی و مقۆ مقۆ له‌سه‌رمانه بگه‌ڕێینه‌وه بۆ لای ئه‌و كه‌سانی شاره‌زا و زانان به قورئان و سوننه‌ت .

١٤ ـ نه‌رم و نیانی ده‌ربڕین به‌رامبه‌ر ئه‌و كه‌سانه‌ی كه تاوان ئه‌كه‌ن و ڕێنمووی كردنیان بۆ سه‌ر ڕێگای ڕاست و ته‌وبه كردن .

**هاوار عبدالله : كۆمه‌ڵایه‌تی / په‌یمانگای مامۆستایانی كه‌لار .**

# گرنگی بانگه‌شه‌كردن بۆ ده‌ستگرتن به قورئانی پیرۆز ( به‌شی یه‌كه‌م )

خوای گه‌وره پیغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ﷺ ڕه‌وانه‌كردووه به كوتا په‌یامی خۆی ، وكۆتا بانگه‌وازه‌كه‌ی ، وكتێبیكی پیرۆزی بۆ دابه‌زاندووه بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵكی ئاگاداربكاته‌وه ، وڕێنمویی و ڕێنیشانده‌ریان بیێت بۆ سه‌ر ڕاسته شه‌قامی ئیسلام ، وخوای په‌روه‌ردگاریش فه‌رمانی به خه‌ڵكی كردووه كه ده‌ستی پێوه بگرن وله‌به‌ری بكه‌ن وبیپاریزن وبایه‌خی پێ بده‌ن وده‌ست به‌رداری نه‌بن ، وكه‌م ته‌رخه‌می به‌رامبه‌ر نه‌كه‌ن ، خوای گه‌وره ده‌فه‌رموویت : ﴿ فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ ( الزخرف : ٤٣ ) .

( ابن جرير الطبري ) له ڕاڤه‌كردنی ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه‌دا ده‌فه‌رموویت : خوای گه‌وره به پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ﷺ ده‌فه‌رموویت : ئه‌ی ( محمد ) ﷺ ده‌ست بگه‌ره به‌وه‌ی كه ئه‌م قورئانه فه‌رمانت پێ ده‌كات كه خوای گه‌وره به نێگا ( الوحي ) بۆ تۆی ناردووه ، وه ﴿ إِنَّكَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ واته : تۆ له سه‌ر به‌رنامه و پرۆگرامێكی ڕاست و دروستی ، كه ئه‌ویش ئايينی خوایه كه فه‌رمانی پێ كراوه كه ئیسلامه .

( الحافظ ابن كثير ) له ڕاڤه‌ی ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه‌دا ده‌فه‌رموویت : واته : ده‌ست بگه‌ره به‌و قورئانه‌ی كه بۆت دابه‌زێنراوه‌ته سه‌ر دڵه‌كه‌ت ، چونكه به‌ڕاستی هه‌ر ئه‌وه حه‌قه وئه‌وه‌ش كه ئه‌و قورئانه ڕێنموویی بۆ ده‌كات ئه‌و حه‌ق و ڕاستی یه كه ده‌تگه‌یه‌نێته ڕاسته شه‌قامی خوا ، كه ئه‌ویش ده‌تگه‌یه‌نێته به‌هه‌شته‌كانی خوشی ، وخێر و بیری هه‌میشه‌یی نه‌براوه .

وه ( الفخر الرازي ) یش له ڕاڤه‌ی ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه‌دا ده‌فه‌رموویت : ﴿ فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي ... ﴾ به‌وه‌ی كه باوه‌ڕت بیێت كه ئه‌م قورئانه حه‌ق وڕاسته ، وبه‌وه‌ش كه ئیش به‌پێی ئه‌و قورئانه بكه‌یت ، چونكه به‌ڕاستی هه‌ر ئه‌و قورئانه‌یه كه ڕاسته ڕێگایه و هیچ كه‌سێك لێی لانادات مه‌گه‌ر كه‌سێكی گومڕا نه‌بیت .

وه ( القاسمي ) له ڕاڤه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌دا ده‌فه‌رمووێت : ﴿ فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي ... ﴾ واته : ده‌ست بگه‌ره به‌ئایینی خواوه كه فه‌رمانت پێ كراوه كه ئه‌ویش ئیسلامه ، چونكه به‌ڕاستی هه‌ر ئه‌وه كه له هه‌موو لایه‌نێكه‌وه ڕاستی ته‌واوه ، ( الشهاب ) ده‌فه‌رمووێت : ئه‌مه دڵ نه‌واییه‌كه بۆ پێغه‌مبه‌ر ﷺ وفه‌رمانێكه بۆ ئوممه‌ته‌كه‌ی یان بۆ خۆی كه به‌رده‌وام بن له‌سه‌ر ده‌ست گرتن به دینه‌وه .

له كۆی ووته‌ی ئه‌و ڕاڤه‌وانانه‌ی قورئانه‌وه ده‌گه‌ینه ئه‌م ڕێنموویانه‌ی خواره‌وه :

١ ـ گرنگی بیروباوه‌ڕی ڕاست له ئایینی ئیسلامدا ، ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت كه بیروباوه‌ری ڕاست ودروست زۆر دووره له ناحه‌قی وهاوه‌ڵ دانان و داهێنراوه‌كان ( البدع ) .

٢ ـ گرنگی ده‌ست گرتن به قورئانی پیرۆز ، كه نیگای ( وحي ) خوای گه‌وره و په‌یامه نه‌مره‌كه‌یه‌تی ، وبانگه‌شه كردنی خه‌ڵكی بۆ لای .

٣ ـ به‌ڕاستی ده‌ست گرتن به قورئانی پیرۆز ـ به ویستی خوای گه‌وره ـ ده‌تگه‌یه‌نێته به‌هه‌شته‌كانی خۆشی وخێر و بیری نه‌بڕاوه .

٤ ـ گرنگی ئیش كردن به قورئانی پیرۆز ، وپیاده‌كردنی له ژیانی ڕۆژانه گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر ڕاستی ئه‌و كه‌سانه‌ی ده‌ڵێن : ئیمه ده‌ستمان گرتووه به قورئانه‌وه !!

٥ ـ به‌ڕاستی قورئانی پیرۆز ڕاستی ته‌واوه له هه‌موو لایه‌نێكه‌وه ، به‌وه‌ی كه هیچ عه‌یب وكه‌م وكورپه‌كی تێدا نیه ، بۆیه به‌م پێیه ته‌نها ئه‌وه شایانی ئه‌وه‌یه كه ده‌ستی پێوه بگیردرێت وئیشی پێ بكرێت وئیمانی پێ بهێنرێت .

٦ ـ ڕوون وئاشكرایی ئه‌و ڕێباز وبه‌رنامه‌یه‌ی كه پێغه‌مبه‌ر ﷺ بانگه‌شه‌ی بۆ ده‌كرد ، چونكه ئه‌و به‌رنامه‌یه له ژێر ڕۆشنایی و ڕێنموویه‌كانی قورئانی پیرۆزدا به‌ڕێوه ده‌چوو .

٧ ـ وه هه‌ر له‌م ئایه‌ته‌دا ترسناكی ده‌ست نه گرتن به قورئان ، و لادان له حوكمه‌كانی ، وباوه‌ڕنه‌بوون پێی ده‌رده‌كه‌وێت ، كه به‌ڕاستی ئه‌مه به‌ڵگه‌یه‌كه له‌سه‌ر به‌دبه‌ختی ئه‌و كه‌سه ... خوا په‌نامان بدات .

**دارا جبار : ئادابی عه‌ره‌بی / ز . صلاح الدين .**

## بۆچی ده‌ژیت و چاوه‌ڕێی بگه‌ی به‌كام جێگا ؟

خوشك و برایانم له‌وه‌یه ئه‌م پرسیاره‌تان پێسه‌یر بێت !! وه بڵێین ئه‌م پرسیاره بۆ ؟!! به‌ڵام تۆ پرسیارێ له‌خۆت بكه‌ی ، ئایا بۆچی ده‌ژیت ؟ ئه‌و جا وه‌ڵامی خۆت بده‌ره‌وه بزان نه‌فست چیت پێده‌ڵێت ئه‌وسا له‌گه‌ڵ ئه‌قڵ و بیركردنه‌وه‌ی خۆت دا به‌راوردی بكه بزان كامیان هه‌ڵده‌بژێری له‌وه‌یه له‌نه‌فست پرسیار بكه‌ی پێت بڵێت : ژیان : ئه‌بێ بخۆیت و بخه‌ویت وكام جله جوانه له‌به‌ركه‌ی و ئیتر گرنگ نیه چۆن بێت گرنگ نیه توره بونی په‌روه‌ردگارتی پێوه بێ یان نه ، یان گرنگ ئه‌وه‌یه مۆبایلێك به‌ده‌سته‌وه بگری گرنگ نیه قسه له‌گه‌ڵ كێ ده‌كه‌ی گرنگ ئه‌وه‌یه ئاره‌زۆكانت به‌جێ بێنی !!! به‌ڵام ئه‌گه‌ر وه‌كو كه‌سێكی ژیر دابنیشێت و به‌ئه‌قڵ و ژیریه‌وه پرسیارێ له‌خۆت بكه‌ی بۆچی ده‌ژیت ؟! له‌گه‌ڵ بیری خۆتدا كه‌وتیته گفتوگۆ ئه‌وكات ده‌تگه‌یه‌نێته كۆتا و تاك ڕێگا ، ده‌ڵێت : ئه‌وه ئه‌م ژیانه‌ی دونیایه كه بۆی تێده‌كۆشی ئه‌وجا كرده‌وه و كاره‌كانی خۆت دابه‌ش بكه به‌چاك و خراپ ـ له‌و ڕۆژانه‌ی به‌سه‌ری ده‌به‌ی ـ بزانه كاری چاكه‌ت زۆره یا سه‌رپێچی په‌روه‌ردگار ؟ ئه‌گه‌ر چاكه‌ت زۆر بوو ؟ ئه‌وا ده‌تگه‌یه‌نێت به به‌هه‌شتی به‌رین . خۆ ئه‌گه‌ر سه‌رپێچی و خراپه‌ت زۆر بوو ئه‌وا به‌ره‌و سزای خوات ده‌بات ، خوا په‌نامان بدات ، بۆیه ئه‌بێ ئێمه‌ی مرۆڤ خۆمان نه‌ده‌ینه ده‌ست هه‌واو ئاره‌زۆكانمان ، وه ئه‌بێ به بیركردنه‌وه‌یه‌كی ژیرانه‌و په‌سه‌ند بیر بكه‌یته‌وه ، كه هه‌ر ده‌بێ بگه‌ڕێیته‌وه بۆ لای په‌روه‌ردگار ، ئیتر هه‌ر سات و كاتێ مردن ڕێگه‌ی پێ گرتی هه‌روه‌كو خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێ : ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴾ ( سورة العنكبوت : ٥٧ ) .

**نیان : جوغرافیا / ز . سلیمانی / خانقین .**

---

## ئیعجازی فه‌رمووده‌یه‌ك

به‌پێ ی توێژینه‌وه‌یه‌ك كه له‌زانكۆی ( صنعاء ) ئه‌نجام دراوه ئیعجازی فه‌رمووده‌یه‌كی پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ده‌فه‌رموێت : " كل ابن آدم يأكله التراب إلا عجب الذنب منه خلق ومنه يركب " ( رواه مسلم ) . واته : هه‌موو به‌شێكی مرۆڤ زه‌وی دیخوات و ده‌یرزێنیت ته‌نها به‌شه ئێسكێك نه‌بێت كه هه‌رگیز زه‌وی ناتوانی بیفه‌وتێنێت ، له‌م ئیسكه‌وه دروست بووه و هه‌ر له‌میشه‌وه زیندوو دكرێته‌وه .

ئه‌و دكتۆره‌ی كه توێژینه‌وه‌كه‌ی ئه‌نجامداوه به‌پشت به‌ستن به‌چه‌ندین سه‌رچاوه‌ی زانستی توێژینه‌وه‌كه‌ی ئه‌نجامداوه كه له‌سه‌ر ( عجب الذنب ) ، ( coccyx ) به‌واته زانستیه‌كه‌ی ، كه ئه‌ویش دواهه‌مین بڕبڕه‌ی پشته له‌مرۆڤدا ، هه‌ر له‌ساڵی ( ١٩٠٤ ز ) تاقیكردنه‌وه‌ی زۆركراوه له‌سه‌ر ( عجب الذنب : coccyx ) ی گیانداران ، زانیان ئه‌و به‌شه‌ی كۆتایی بڕبڕه‌ی پشتیان واته ( عجب الذنب ) هێناوه پاشان كرداری هاڕین و كوڵاندن و زۆر كرداری دیكه‌یان به‌سه‌ردا هێناوه ، بینیویانه كه‌خانه‌كانی نامرن و هه‌ر زیندوون كه ئه‌ویش سه‌لماندنی فه‌رمووده‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ره ﷺ .

له لایه‌كی دیكه‌وه ئیستا زانستی كۆرپه‌له‌زانی ئه‌وه‌ی ڕوون كردۆته‌وه كه چۆن مرۆڤ له‌سكی دایكیدا دروست ده‌بێت و له‌چی دروست ده‌بێت ، له فه‌رمووده‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ریشدا ﷺ هاتووه " ... منه خلق ومنه يركب " ، له زانكۆی ناوبراو له توێژینه‌وه‌كه‌یدا ئه‌وه ده‌رده‌خات كه یه‌كه‌مین شت له ڕۆژی چوارده‌هه‌میندا له‌كۆرپه دروست ده‌بێت ( عجب الذنب ) و پاشان به‌شه‌كانی تر دروست ده‌بێت .

**هێمن : ی . پزیشك .**

## له ژیانی هاوه‌ڵانه‌وه

له‌ژیانی هاوه‌ڵانه‌وه ... فێربه ئارام گرتن له‌موسیبه‌تدا ، خۆراگری له‌بانگه‌وازدا ، به‌رخودان له‌سه‌نگه‌ردا ، تێكۆشان له‌جه‌نگدا ، خۆشه‌ویستی له‌په‌رستشدا ، جوانی له‌ڕه‌وشتدا ... هاوه‌ڵان كۆمه‌ڵێك ئه‌ستێره‌ی دره‌وشاوه‌ی ئاسمانی خواناسی بوون ... هاوه‌ڵان وێنه‌ی تێكۆشان و به‌رخودان و ڕه‌وشت و ئاكاری جوان بوون ... ژیانی هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ له‌زۆر كتێب و نامیلكه‌دا باس كراون كه له ساڵی چه‌ندو له كوێ له‌دایك بوون وكه‌ی وله‌كوێ وه‌فاتیان كردووه كه ئه‌مانه‌ش هه‌مووی بایه‌خی مێژوویی خۆیان هه‌یه ، به‌ڵام ئه‌وه‌ی كه من لێره‌دا ده‌مه‌وێت ئاماژه‌ی پێ بكه‌م تێڕامانه له‌ژیانی ئه‌م كه‌ڵه پیاوانه كه‌چه‌نده‌ها وێنه‌ی سه‌ر سوڕهێنه‌ر هه‌یه له‌ژیانیاندا ، كه به‌درێژای مێژوو مرۆڤه‌كان وێنه‌ی وه‌ها جوانیان نه‌دیوه ... ڕوونیشه هه‌موو گه‌ل و نه‌ته‌وه‌یه‌كیش ته‌نانه‌ت هه‌موو ئاینێكیش شانازی ده‌كه‌ن به‌مێژووی خۆیانه‌وه ، وه شانازی ده‌كه‌ن به‌بوونی چه‌نده‌ها كه‌س له ( زانا و دانا و سوارچاك و پاڵه‌وان و كه‌سی به‌هێز و بوێر و زیره‌ك و تێكۆشه‌ر و ... هتد ) كه‌مێژوویانی بڵند ڕاگرتووه ، ئێمه‌ش وه‌كو موسڵمانان له‌ژیانی ئه‌م هاوه‌ڵانه‌وه كه چه‌نده‌ها وێنه‌ی جوان هه‌ن له‌ژیانیاندا نه‌ك هه‌ر موسڵمانان به‌ڵكو هه‌موو مرۆڤایه‌تی ده‌توانیت دووباره له‌ژێر ڕۆشنای ژیانیاندا نه‌خشه‌ی ژیانی خۆی داڕێژێته‌وه ... خوێنه‌ری خۆشه‌ویست : ڕه‌نگه بپرسی ژیانی سه‌رده‌مێكی كۆن ودوور چ په‌یوه‌ندیه‌كی هه‌یه به‌ژیانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ی منه‌وه ؟ له وه‌ڵامدا ده‌ڵێم : یه‌كێك له‌هۆكاره‌كانی سه‌ركه‌وتن له‌ژیاندا دانانی پێشه‌وا ( قدوه ) یه‌كه له‌ژیانی خوتدا ، چونكه مرۆڤ له‌ناخی دا واڕوواوه كه حه‌زی له‌لاسایی كردنه‌وه‌یه ... باشترین پێشه‌واش بۆ ئێمه له‌دوای پێغه‌مبه‌ر ﷺ هاوه‌ڵانی به‌ڕێزیتی رضي الله عنهم .

## فریشته‌كان به‌باڵه‌كانیان دایده‌پۆشن

( عبدالله ) **ی كوڕی** ( عمرو ) **ی كوڕی** ( حرام )

**( ئه‌ڵقه‌ی یه‌كه‌م )**

ئه‌م هاوه‌ڵه به‌ڕێزه نه‌ك خه‌ڵكی سه‌ر زه‌وی به‌ڵكو خه‌ڵكی ئاسمانیش خۆشیان ویستوه ، ئه‌وه‌تا ئه‌م هاوه‌ڵه به‌ڕێزه له‌دوای شه‌هیدبوونی فریشته‌كانی په‌روه‌ردگار پۆل پۆل داده‌به‌زنه سه‌ر جه‌سته‌ی پاكی بۆ ئه‌وه‌ی دایپۆشن .

له جابره‌وه كه كوڕی ئه‌م هاوه‌ڵه به‌ڕێزه‌یه ( ڕه‌زای خوایان لێبێت ) فه‌رموویه‌تی : كاتێك جه‌نگی ئوحود بوو باوكمیان هێنا لاشه‌ی داپۆشرابوو ، دوای ئه‌وه‌ی كه شه‌هید بوو بێ باوه‌ره‌كان لاشه‌كه‌یان شێواندبوو ، منیش وویستم پارچه‌كه‌ی سه‌ر لاشه‌ی هه‌ڵده‌مه‌وه خزمه‌كانم نه‌یانهێشت ، پاشان دووباره ویستم هه‌ڵیده‌مه‌وه ، دیسانه‌وه نه‌یانهێشت ، پاشان پێغه‌مبه‌ر ﷺ خۆی بوو یان فه‌رمانی دا كه هه‌ڵیده‌نه‌وه ، له پاشاندا پێغه‌مبه‌ر ﷺ گوێی له هات و هاواری ئافره‌تێك بوو ، پرسیاری كرد ئه‌وه كییه ؟ ئه‌وانیش ووتیان : ئه‌وه خوشكی یان كچی ئه‌م هاوه‌ڵه یه ( عبدالله ) پێغه‌مبه‌ریش ﷺ فه‌رمووی : بۆچی ده‌گرین ئه‌وه‌تا فریشته‌كان به‌باڵكانیان دایان پۆشیوه .

ئیمامی ( النووي ) یش ئاماژه‌ی بۆ ئه‌م ڕووداوه كردووه‌و ده‌ڵێت : ئیمامی ( قاضي ) فه‌رموویه‌تی : ڕه‌نگه مه‌به‌ست له ووته‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ كه فه‌رموویه‌تی : ( ئه‌وه‌تا فریشته‌كان به‌باڵكانیان دایان پۆشیوه ) ئه‌وه بێت كه له‌سه‌ری كۆبونه‌ته‌وه مه‌به‌ستیان مژده‌دان بێت به‌م هاوه‌ڵه به‌ڕێزه رضي الله عنه ، یان ڕه‌نگه ویستبێتیان له‌گه‌رمای خۆر بیپارێزن ، هه‌ردوو حاڵه‌ته‌كه‌ش دڵنه‌واییه بۆ كه‌س و كاری ئه‌م هاوه‌ڵه به‌ڕێزه . ( بڕوانه : صه‌حیحی مسلم به‌شه‌رحی ئیمامی نه‌وه‌ووی : ١٦ /٣٧ - ٣٩ ) به‌ده‌ستكاریه‌وه .

**پشتیوان محمد : په‌روه‌رده‌ی عه‌ره‌بی / صلاح الدين .**

## ئاسانكاری و لێبوردەیی لە ئیسلامدا

گومانی تێدا نیە كە خوای گەورە ئەوەی بڕیار داوە و نووسیویەتی كـە ئـاینی ئیـسلام هـەردەم زینـدوو بێـت تـا ڕۆژی دوایی ، هەروەك چۆن پێویستی كردووە لەسەر مرۆڤایەتی كە شوێنی بكەون وملكەچـی ئەحكامـەكانی بـن ، خـوای گـەورە لەوبارەیەوە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ ﴾ ( سورة آل عمران : ١٩ ) ، واتە : تەنها ئیسلامە ئایینی وەرگیراو لە لای خوای پەروەردگار .

وە دەفەرموێت : ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ ( سورة آل عمران : ٨٥ ) ، واتـە : ئەو كەسەی كە ئایینێك جگە لە ئایینی ئیسلام بكات بە بەرنامـەی ژیانی ئـەوە لێـی وەرناگیرێت و لـە دواڕۆژیشدا لـە خەسارۆمەندان دەبێت .

جا ئاینێك كە بەم شێوەیە بێت ئەوا پێویست دەكات كە هەڵگری كۆمەڵێك تایبەتمەندی وهەلومەرجی وەهـا بێـت كـە ببێتە هۆكار بۆ بەردەوامی بەخشین بەو ئاینـە و لـەڕووی ئاسـانكاری ونـزیكی لـەژیری یانـەوە بگـونجێ لەگـەڵ سرووشـت و بەرژەوەندی مرۆڤەكان . وە ئێمە ئەگەر ووردبینەوە لەئیسلام وئەحكامەكانی ئـەوا بـەڕوونی ئـەوەمان بـۆ دەردەكـەوێت كـە ئیسلام هەڵگری هەموو ماناكـانی سـۆزو بـەزەیی وئاسـانكاری ولێبوردەییـە ، هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴾ ( سورة الأنبياء : ١٠٧ ) ، واتە : تۆ تەنها بۆ ئەوە ڕەوانـە كراویـت كـە ببیـت بـە میهرەبـانی و ڕەحمەت بۆ هەموو جهانیان .

وە ئەمەش لە بۆشاییەوە نەهاتووە بەڵكو كـاری بەدیهێنـەری جیهانیانـە كـە لەهـەموو كـەس شـارەزاترە بـە بەنـدە و دروستكراوەكانی خۆی ، هەربۆیـە بەرنامەیـەكی ئاسـان و ڕوونـی بـۆ هەڵبـژاردوون كـە ڕزگاریـان دەكـات لـەكۆت وبەنـدی ئاینەكانی تر وداب ونەریتە خراپەكانی كۆمەڵگا .

وە ئەگـەر بڕوانینـە ژیـانی پێغەمبـەر ﷺ ئـەوا دەبیـنین ووتـەو كردەوەكـانی پێغەمبـەر ﷺ تـەواو ڕەنگدانـەوەی ئایەتەكانی قورئانن ، هـەروەك دەفـەرموێت : " إني لم أبعث باليهودية ولا بالنصرانية ولكني بعثت بالحنيفية الـسمحة " ( السلسلة الصحيحة : ١٠٢٢ ) . واتە : من بە ئایینێك وەك ئایینی گـاور و خـاچ پەرستان نـەنێردراوم ، بـەڵكو ئـایینێكی میانڕەو و ئاسانكار و لێبووردەم پێیە .

یـان دەفـەرموێت : " إن خير دينكم أيسره " ( حديث حسن : الأدب المفرد : ١٢٤ ) . واتـە : باشـترین دینـداریێتی كردنی ئێوە ئاسانترینیانە .

وە ئەوەش ڕوونە كاتێك كە پێغەمبەری خوا ﷺ ( معاذ ) ی كـوری ( جبل ) و ( أبو موسى الأشعري ) ـ رضـي الله عنهما ـ ی نارد بەرەو یەمەن بۆ بانگەوازكردنی خەڵكی بۆ ئیسلام ، پێیـانی فـەرموو : " يسرا ولا تعسرا ، وبشرا ولا تنفر " ( متفق عليه ) . واتە : شت لە سەر خەڵك سوككەنەوە نەك قورسی بكەنەوە ، موژدەدەریش بن نەك ڕاونەر .

جوانترین نموونەی ئاسانكاری ولێبوردەییش لەژیانی پێغەمبەردا ﷺ ڕووداوی ئـەو دەشـتەكیە بـوو كـە لەبـەر نـەزانی لەناو مزگەوت ولەپێش چاوی پێغەمبەر و هاوەڵان میزی كرد ، ئەمـەش وای لە هاوەڵان كرد كە پەلاماری بـدەن بـۆ ئـەوەی

میزەکەی پێ ببڕن ، بەڵام پێغەمبەری میهرەبانی ﷺ پێی فەرموون کە وازی لێ بهێنن وپاشان دۆڵکە ئاوێك بە سەر میزەکەیدا بکەن ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ باش دەزانێت کە تووڕەبوون لە کەسێکی وەها ولە حاڵەتێکی وەهادا خراپەی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە ، و ئاشکراشە کە میز ڕاگرتن شتێکی گرانە ، دووریش نەبوو کە بە تووڕەبون دڵی لەئیسلام وهەڵکرانی بڕەنجایە و ببوایەتە هۆی هەڵگەڕانەوەی لە ئیسلام لەوەش جوانتر ئەوەبوو کاتێك کە کابرا لێ بووەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کردو بەنەرم و نیانی بۆی ڕوون کردەوە کە مزگەوت شوێنی میزکردن و پیسی کردن نیە ، بەڵکو شوێنی زیکر و نوێژ و قورئان خوێندنە .

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە مەبەستی ئێمە لە باسکردنی ئاسانکاری ولێبوردەیی لە ئیسلامدا بریتیە لە دەرخستنی ڕاستیەکان و پیشاندانی ئیسلام وەك خۆی نەك ئەوەی ببێتە هۆکار و ڕێخۆشکار بۆ کەسانی ئیمان لاواز وئارەزوو پەرست کە بەناوی ئاسانکاریەوە هەموو حەرامێکیان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردووە و بەناوی لێبوردەییەوە گاور و جولەکە و بێباوەڕانیان کردووە بە پشت و پەنا و برای خۆیان .

گومانیشی تیدا نیە کە یاسا و ڕیسای ( المشقة تجلب التيسير . بارگرانی ئاسانکاری وفراوانی دێنێت ) کە شارەزایانە لەلایەن زانایانەوە دانراوە ، ئەوا ئەم ئاسانکارییە نابێت سنووری شەرعی خودا ببەزێنێت ، چونکە لەوکاتە دەبێتە حەرام و شوێن کەوتنی ئارەزوو نەك ئاسانکاری ، بەوویستی خوا لە داهاتوودا بەنموونەوە ئەم باسە زیاتر ڕوون دەکەینەوە .

تێبینی : هەموو باسەکان لە پەرتووکی ( صور من سماحة الإسلام ) ی ( عبدالعزيز عبدالرحمن الربيعة ) وەرگیراوە ، ئێمەش پوختەی باسەکەمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .

**فلاح حسن : زمانی ئینگلیزی ⁄ ز . صلاح الدين .**

## لە ووتەی دانایان :

ئەگەر خەڵکی پشت ئەستور بوون بە دونیاوە .... ئەوا تۆ با پەروەردگارت پشت و پەنات بێت .... وە ئەگەر خەڵکی دڵ ئارامیان بە خۆشیەکانی دونیا بوو .... ئەوا با دڵ ئارامیت بە یادی پەروەردگارت بێت ... وە ئەگەر خەڵکی لە ژوانی خۆشەویستانیان بوون .... ئەوا تۆ لە گوڵستانی یادی پەروەردگارت بە .... ئەگەر ناسینی گەرەپیاوان هۆکاری بەهێزی خەڵکە .... ئەوا ناسیت بۆ پەروەردگار خوودی هێز و توانایە ....

## خوشكه‌كه‌م بالاپۆشینت پارێزه‌رته له دونیا و دوارۆژدا

﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٥٩ )

ئاشنای هه‌مووانه كه فه‌رمایشه‌كانی خوای په‌روه‌ردگار و پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ﷺ له هه‌موو بواره‌كانی ژیان له سوود و قازانجی تاك و كۆمه‌ڵگای مرۆڤایه‌تیه ، مه‌به‌ستیشمان لێره‌دا ئه‌و بالاپۆشینه‌یه كه خوای په‌روه‌ردگار و پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ﷺ له خوشكان و دایكانی ئێمه‌یان داوه‌كردووه ، جا بابزانین ـ زانستی سه‌رده‌م ـ چۆن ڕاستی ئه‌م ووته‌یه‌مان بۆ ده‌سه‌لمێنێت ، ئه‌وه‌ش بۆ ئه‌وه‌ی خوشكانمان زیاتر پابه‌ند بن پێوه ، زیاتر سۆز و میهره‌بانی خواوه‌ندیان بۆ ئاشكرا بێت ، و شوكرانه بژێری ئه‌و نیعمه‌ته بكه‌ن .

له هه‌ندێك له سه‌رچاوه‌كاندا هاتووه كه لێكۆڵینه‌وه زانستیه نوێیه‌كان ئه‌وه‌یان سه‌لماندووه كه ئه‌و ئافره‌تانه‌ی كه جل وبه‌رگی كورت له‌به‌ر ده‌كه‌ن و له‌شیان به ده‌رده‌خه‌ن زیان له‌خۆیان ده‌ده‌ن ، سه‌رژمێره‌كانی ئێستا ئاماژه بۆ بلاوبونه‌وه‌ی نه‌خۆشی شێرپه‌نجه‌ی خراپ ده‌كه‌ن كه تووشی ئه‌و به‌شانه‌ی له‌شی ئافره‌ت ده‌بێت كه به‌ده‌ره‌وه یه ، به‌تایبه‌ت تووشی كچانی جلوبه‌رگ كورت ده‌بێت ، له‌م باریه‌وه گۆڤاری پزیشكی به‌ریتانی بلاوی كردوه‌وه كه ( السرطان الخبيث الميلانوما ) شێرپه‌نجه‌ی خراپی میلانۆما یه‌كێك بووه له‌و جۆره شێرپه‌نجانه‌ی كه به‌ده‌گمه‌ن تووشی مرۆڤ ده‌بوو به‌لام ئێستا زیادیكردووه ، و تووشبوه‌كانیش له كچانی ته‌مه‌ن ناوه‌ڕاستدا زیادده‌كات كه زیاتر تووشی قاچیان ده‌بێت ، هۆكه‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ بلابونه‌وه‌ی جلوبه‌رگی كورت كه له‌شی ئافره‌ت به‌ده‌رده‌خات ، كه ئه‌مه‌ش له‌گه‌ڵ تێپه‌ڕبوونی ساڵدا وا ده‌كات پێستی له‌شی ئافره‌ت زیاتر به‌رخۆر بكه‌وێت ، له‌كاتێكدا گۆره‌وی ته‌نك یان لایلۆن پێست ناپارێزێت له تیشكی خۆر .

گۆڤاری پزیشكانی ئۆبئه هه‌وڵیان داوه زانیاری زیاتر ده‌رباره‌ی ئه‌م نه‌خۆشیه كۆ بكه‌نه‌وه كه‌خه‌ریكه نزیك ده‌بێته‌وه و ببێت به په‌تایه‌ك ... جا خوشكه‌كه‌م بڕوانه به هۆی سه‌رپێچیان بۆ فه‌رمانه‌كانی خوای په‌روه‌ردگار چۆن سزای سه‌ختی خۆی یان به‌شێك له‌سزاكه‌ی داوه به‌سه‌ریاندا به‌شێوه‌ی شێرپه‌نجه‌ی خراپ كه خراپترین جۆری شێرپه‌نجه‌یه ... خۆشبه‌ختیش ئه‌و كه‌سه‌یه كه له حاڵ و وه‌زعی كه‌سانی تر په‌ند و عیبره‌ت وه‌رگرێت .

هۆی ئه‌م نه‌خۆشیه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ به‌ركه‌وتنی پێست به تیشكی ( فوق البنفسجية ) سه‌روو به‌نه‌وشه‌یی ، كه له تیشكی خۆردا هه‌یه بۆ ماوه‌یه‌كی زۆر ، ئه‌مه‌ش به‌رهه‌می جلوبه‌رگی كورت جلی كه‌نار ده‌ریا ، وه تێبینی ده‌كرێت له‌وه‌ی كه تووشی هه‌موو به‌شه‌كانی له‌ش ده‌بێت به ڕێژه‌یه‌كی جیاواز ، و ئه‌م نه‌خۆشیه سه‌ره‌تا وه‌ك په‌ڵه‌یه‌كی بچوكی ڕه‌ش ده‌رده‌كه‌وێت له‌سه‌ر پێست له‌وانه‌شه زۆر بچوك بێت ، به‌زۆری له پێ و لاقدا ده‌رده‌كه‌وێت ، هه‌ندێك جاریش له چاودا ده‌رده‌كه‌وێت ئینجا ده‌ست ده‌كات به بلاوبونه‌وه به هه‌موو له‌شدا ئه‌مه‌ش زیادده‌كات و گه‌شه‌ده‌كات له ناوچه‌ی ده‌ركه‌وتنیه‌وه ، ئه‌م په‌ڵانه هێرش ده‌به‌نه سه‌ر لیمفه‌گرێكانی سه‌ره‌وه‌ی ڕان و خوێن وه له

جگـەردا جـێگیردەبن و لـەناوی دەبـەن ، وە لەوانەیـە لـە زۆربـەی ئەندامـەکانی هـەناودا جـێگیر ببێـت وەك : ماسوولکەکان ، گورچیلە ، لەوانەشە هێرش بباتەسەر گورچیلە و لـەناوی ببـات لەئـەنجامی تووشـبوونی گورچیلە بەشێرپەنجەی خراپ و دەرچوونی میزی ڕەشی بەدوادا بێت کە لەوانەشـە بگوێزرێتـەوە بـۆ کۆرپەلـە کاتێـك لـەزکی دایکی دا دەبێت ، تووشبووی ئەم نەخۆشیە ( شێرپەنجە ) زۆر ناژێت ، لەهەمان کاتدا نەشـتەرگەری یـان چارەسـەر بە تیشك ڕێگەی ڕزگاربوون نیە لەم نەخۆشیە ، لێرەدا دانایی و زانایی یاسـادانانی ئـاینی ئیـسلامی پیرۆزمـان بـۆ دەردەکەوێت کە فەرمان دەکات بە ئافرەت بە لەبەرکردنی پۆشاکی خۆپارێز کە ( پۆشاکێکی فراوانە ، نە تەسکە و نە تەنکە و هەموو لەشی دادەپۆشێت ، وە ڕێگـە دەدات بەدەرخـستنی هـەردوو دەسـت و دەمـوو چـاو ، ، لێـرەدا بەتەواوی ئەوە ڕوون بۆتەوە کە لەبەرکردنی جلوبەرگی داپۆشـەری لـەش و دروسـت باشـترە و پـارێزەریتی لـە سـزای دونیا ، کە بەهۆی نەخۆشیەوە تووشمان دەبێت جگە لەسزای دواڕۆژ کە بەدەست خوای گەورەیە . ئێستا دەڵێین ئایـا دوای پشتگیری کردنی بیردۆزەکانی زانستی نوێ کـە پێـشتر یاسـای ئـاینی ئیـسلامی پـیرۆز بڕیـاری لەسـەر دابـوو بیانوویەك هەیە بکرێت بە بیانوو بۆ ( سفور ) ی و خۆدەرخستنی ئافرەتان .

**حیدر : پزیشکی ددان ⁄ ز . صلاح الدین .**

**گەورەترین ئامۆژگاری :**

# ڕەوشت مرۆڤ دەناسێنێت نەك جل وبەرگ ....

# وە کـــفنیش بـــێ گـــیرفـــانـــە ....

## ئەی یەهودیەکان "چی وای لێ کردن ئەم کارە ئەنجام بدەن؟!"

کاتێك جەنگی خەیبەر کۆتایی پێهات ، یەهودیەکان بەرخێکی سورکراوەی ژەهراوی کراویان کرد بە دیاری بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : هەموو یەهوودیەکانی ئەم ناوچەیەم بۆ کۆبکەنەوە . کاتێك کە کۆبونە و پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووتن : پرسیارتان لی دەکەم لەبارەی شتیکەوە ئایا ڕاستیم پی دەڵێن ؟ یەهودیەکان وەڵامیان دایەوە : بەڵی ، ئەی ئەبو قاسم !! پێغەمبەری خواش ﷺ پێی ووتن : باوکتان کێیە ؟ یەهودیەکان ووتیان : باوکمان فلاّنە کەس و فلاّنە کەسە . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : درۆتان کرد لەبەرئەوەی باوکتان فلاّنە کەس و فلاّنە کەسە . یەهودیەکان ووتیان : بێگومان ڕاستت ووت و ڕاستت کرد !! دووبارە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووتن : ئەگەر پرسیارتان لی بکەم لەبارەی شتیکەوە ئایا ڕاستیم پی دەڵێن ؟ یەهودیەکان وەڵامیان دایەوە : بەڵی ، ئەی ئەبو قاسم ، وە ئەگەر درۆمان کرد ئەوا دەیزانیت هەروەك زانیت لەبارەی باوکمانەوە !! پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری کرد : خەڵکی ئاگری دۆزەخ کێن ؟ یەهودیەکان وەڵامیان دایەوە : ئێمە بۆ ماوەیەك لە ئاگری دۆزەخ دەمێنینەوە پاشان ئێوە ( موسڵمانەکان ) شوێنمان دەگرنەوە تێیدا . پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووتن : بە ئابروو چوویی تێیدا دەمێننەوە . سوێند بەخوا هەرگیز بە هیچ شێوەیەك جێتان ناگرینەوە تێیدا . پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێکردن : ئەگەر پرسیاری شتێکتان لی بکەم ئایا ڕاستیم پی دەڵێن ؟ یەهودیەکان وەڵامیان دایەوە : بەڵی . پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری کرد : ئایا ژەهرتان کردۆتە ناو ئەم بەرخە سورکراوەیەوە ؟ یەهودیەکان وەڵامیان دایەوە : بەڵی !! پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری کرد : چی وای لێکردن ئەوە بکەن ؟ یەهودیەکان وەڵامیان دایەوە : دەمان وویست بزانین ئەگەر درۆزن بوایەیی لەو حالەتە ئاسوودە دەبووین لێت و ئەگەر پێغەمبەر بووایەیت ئەوا ئازارت نادات .

## Oh, jews "What made you do that?!"

When Khaibar was conquered, Allah's Apostle ﷺ was presented with a poisoned and roasted sheep. Allah's Apostle ﷺ said, "Collect for me all the Jews present in this area."When they were gathered Allah's Apostle ﷺ said to them, "I am going to ask you about something; will you tell me the truth?"The Jews replied, "Yes, O Abal-Qasim!"Allah's Apostle ﷺ said to them, "Who is your father?"The Jews said, "Our father is so-and-so."Allah's Apostle ﷺ said, "You have told a lie. For your father is so-and-so,"The Jews said, "No doubt, you have said the truth and done the correct thing."Allah's Apostle ﷺ again said to them, "If I ask you about something; will you tell me the truth?"The Jews replied, "Yes, O Abal-Qasim! And if we should tell a lie you will know it as you have known it regarding our father,"Allah's Apostle ﷺ asked, "Who are the people of the Hell Fire?"The Jews replied, "We will remain in the Hell Fire for a while and then you (Muslims) will replace us in it"Allah's Apostle ﷺ said to them. ''You will abide in it with ignominy. By Allah, we shall never replace you in it at all."Then Allah's Apostle ﷺ asked them again, "If I ask you something, will you tell me the truth?"The Jews replied, "Yes."Allah's Apostle ﷺ asked. "Have you put the poison in this roasted sheep?"The Jews replied, "Yes."Allah's Apostle ﷺ asked, "What made you do that?"The Jews replied, "We intended to learn if you were a liar in which case we would be relieved from you, and if you were a prophet then it would not harm you."

رزگار محمد : زمانی ئینگلیزی / ز . صلاح الدین .